## کۆمسیۆن لەکەلار سزای ئەوانە دەدات کە بە پێی یاسا کارەکانیان ئەنجامداوەو ئۆفیسی سلێمانیش بێدەنگە! .... سالار یاسین

هەر لەم مینبەرەوە لە کاتی دیاریکردنی فەرمانبەران بۆ سەر سندوقەکانی هەڵبژارنەکانی (31-1- 2005) بابەتێکم بڵاو کردەوە لە ژێر ناونیشانی (پاداشتی خزمەت بەم شێوەیە نابێت) . ئەویش پاش ئەو ناحەقی و ناعەدالەتییەی کە ئەنجام درا بەرامبەر کۆمەڵێکی زۆر لە فەرمانبەرو مامۆستای خاوەن ئەزموون وخزمەت، ئەوەبوو بە شێوازێکی حیزبییانە ناوی یەکەیەکەی فەرمانبەران دیاری کران و تەمەن وخزمەت و بروانامەی تیادا رەچاو نەکرابوو. پاش ئەوەش ئێمەی کۆمەڵێك مامۆستا دەنگی نارەزاییمان بەرز کردەوەو گلەیی و گازندەمان ئاراستەی بەرێوبەری ناوەندەکانی خوێندن و کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان کرد. هەندێکیان دانییان نا بە ئەنجامدانی ناعەدالەتی بەرانبەرمان و هەندێکی تریان دانیان نەناو پاساوی جۆر بەجۆریان بۆ دەهێنایەوەو تۆمەتەکەیان لەسەر خۆیان لادەبرد، هەربۆیە کۆمەڵێکمان لەلایەن بەرێوبەری خوێندگاوە ئاگادار کراینەوە کەوا داوا کراوە -نازانین لەلایەن کێوە داوە کراوە. حیزب یان کۆمسیۆن - کەوا ناوی ئەو مامۆستایانە بنووسرێت و لە داهاتوودا قەرەبوویان بۆ بکرێتەوە بۆ هەڵبژاردنەکان. ئەوەبوو جاریچکی تر لە مانگی ئەیلوولی ڕابردوو پرۆسەی دانانی فەرمانبەرانی سەر سندوقەکان دەستی پێ کرد، بەڵام ئەم جارەیان وا دیار بوو شێوازێکی عادیلانە و دیموکراسییانەی لە خۆگرتبوو، چونکە ئە ئاشکراو بە ڕۆژی نیوەرۆ داوا کرا لە سەرجەم مامۆستایان و فەرمانبەران کە ئامادە بن بۆ پرکردنەوەی فۆرم بۆ ئەو مەبەستە. هەرچەندە ئێمە قەناعەتمان وابوو ئەمەشیان هەروەك جاری پێشوو دەبێت و گۆرانکارییەکی وا دروست نابێت کە دڵخۆشکەر بێت، بەڵام جارجار گومانی ئەوەمان بۆ دروست دەبوو کە لەوانەیە ئەمجارەیان رشاست بکەن و پەندو عیبرەتیان لە جارەکەی پێشو وەرگرتبێت! هەروەها وتمان بۆ ئیقامە حوجحەش باشە نەوەك دوایی بڵێن ئەگەر ناوتان بنووسیبایە دەهاتەوە. بۆئەو مەبەستەش ئێمە رۆشتین بە شێوەیەکی یاسایی سەرەمان گرت هەرچەندە زۆر قەرەباڵغ بوو، بەڵام سەبرمان گرت و فۆرمی خۆمان پرکردەوەو وەرمانگرت و سەرونوسخەشمان لێ کۆپی کرد، پاشان بە شێوەیەکی یاسایی تەسلیمان کردەوە، ئەوەیش بۆ ئەوەی کۆدەکانی خۆمان بزانین پاش هاتنەوەی لە قورعە. لە رۆژی ئاشکراکردنی ناوەکان کەسەیرمان کرد تەنها ناوی ئەوانە نەهاتۆتەوە کە جاری پێشو ناویان نەنووسرابوو بۆ سەر سندوقەکان، ئەم رداوەش لە راستیدا گومانی بۆ دروست کردین لە سەر پرۆسەکەو ناردنی ناوەکان بۆ سەرەوەو ئەنجام دانی قورعەکە، هەرچەندە هەندێ کەس دەیانویست کەوا قەناعەتمان پێ بکەن ئەمە قورعەیەو گومان هیچ رۆڵێك نابینێت، بەڵام ئێمە دەمانپرسی ئایا قورعەکەش وەکو حیزب و کۆمیسۆن دانە بە دانەی ئێمە دەناسێت کەوا ناوی دەرنەکردووین؟! ئەو شتەی کوا زیاتر گومانەکەی پشت راست کردەوە ئەوەبوو کە لیستی ئەو ناوانەی هەڵواسرابوون پێوە نەبوو و بە دەست نووسرابوون و بە زنجیرەی بەك لە دوای یەك، هەر بۆیە ئێمەش پرسیارمان کرد لە سلێمانی ئایا لەوێش هەروەکو کەلار تەنها ناوەکان هەڵواسراوە یان کۆدەکەشی لە گەڵدایە؟ بێ گومان وەڵام ئەوەبوو کەوا کۆدەکانیش هەڵواسراوە، هەربۆیە داوامان کرد کەوا ئەمانیش کۆدەکان هەڵواسن ئەوانەی ناویان لە قورعە هاتۆتەوە، پاش هەڵواسینی کۆدەکان

ئەو راستیە ئاشکرا بوو کە رۆژێك لەوانەی ناویان هەڵنەواسرابوو کۆدەکەیان لە قورعە هاتۆتەوە، ئەمەش بۆ خۆی گومانێکی تری دروست کرد کە لەوانەیە ناوەکان گۆرابن و فۆرمەکان دەستکاری کرابن، هەر بۆیە پرسیارمان کرد کەا چۆن بزانین ئەو ناوانەی ئێمە بە کۆدەکەی خۆمانەوە لێدراوە بۆ سەرەوە؟ ووتیان ئەبێت سەیری ئەو لیستە بکەن کە بەرز کراوەتەوە بۆ سلێمانی پیش قورعە، کە دیسان کۆمیسۆنی کەلار ئەمەشیان هەڵنەواسی!!
بەڵام ئەمجارەیان هیچ گومانێك نەماوە پەردە لەسەر راستییەکان هەڵدرایەوە کە ئەویش گۆرینی سەرجەم ئەو ناوانەیە کە بەلای کۆمسیۆنی سەربەخۆوە مەرغوب نین بە وانەوی مەرغوبن، بەڵگەش لەسەر ئەوە سەردانی لیژنەی ئۆفیسی سلێمانی بوو بۆ کەلار، جێی باسە کەلار تەنها لە کاتی هاتنی لیژنەکە ئەو ناوانەیان هەڵواسیبوو کە ناردویانە لۆ سلێمانی، پاشان لایان بردبوو، هەربۆیە زۆرێك لەو فەرمانبەرو مامۆستا بەرێزانەی کە ناویان نەهاتۆتەوەو ناوەکەیان گۆراوە تاوەکو ئێستاش نازانن کەوا گۆراوە، هەموو گفتوگۆو وتویژێکی کۆمیسۆن لە سەردانەکانی ئێمەدا ئەوەبوو کە ئەم پرۆسەیە قورعەیەو لە دەست ئێمە دا نییەو ئێوە لەسەر گومان بریار دەدەن!!
ئێمەش وتمان: باشە بۆچی ناوەکان گۆراون؟ وتیان: گلەیی مەکەن چونکە هەر ناوی ئێوە نەگۆراوەو ناوی زۆر کەسمان گۆریوە!!
وتمان: بەڵگەمان لایە کەسی واهەیە فۆرمی پر نەکردۆتەوەو ناوی هاتۆتەوە وتیان شتی وا نیە، بەڵام بە دواچونمان کرد بینیمان هەندێك لەوانە هەر فۆرمی نییەو هەندێکی بۆی کراوە، بەڵام بە کۆدی یەکێکی ترەوە!! وتمان بەڵگەمان لایە کەسی وا هەیە هیچ بروانامەیەکی نییەو ناوی هاتۆتەوە دایان لە ژێری وتیان: شتی وا نییە!! وتمان ئێوە سەربەخۆ نین و بە پێ ی فەرمانەکانی حیزب دەجوڵێنەوە باشتر وایە راشکاوانە ئەم راستییە بدرکێنن، وتیان: نەخێر ئێمە سەربخۆین وتمان باشە کەس هەیە لە کۆمسیۆن بەبێ تەزکیەی حیزب دانرابێت؟ وەڵامیان نەبوو!!! هەر بۆیە دەپرسین ئایا یەکێکی وەکو ئێمە کە بە پێی یاسا کارەکانی ئەنجام داوە دەبێت بەم شێوازە وەڵام بدرێتەوەو پاداشت بکرێ؟ یان یەکێك خاون بروانامە بێت و خاوەن چەندین ساڵی خومەت بێت بە تایبەتی لە بواری پەروەردەو فێرکردن وە چەندین مامۆستاو دکتۆرو ئەندازیارو پارێزەری پێ گەیاندبێت، بەم شێوازە ریزی لێ دەگیرێ؟! ئایا ئەمە لە گۆرنانی توانا و بەهرەکان نییە؟ ئایا ئەمە هاندانی جەماوەر نییە بۆ ئەوەی سەپێچی یاسا بکەن؟ سەیر لەوەدایە دەمانەویت دەستورو یاسا بچەسپیت!!
هەربۆیە ئێمە پەنجەی تۆمەت ئاراستەی کۆمیسۆنی کەلار دەکەین لەم کارە نارەوایەو پاشان ئەوەانەی کەلەسەرووی ئەمانەوەن و بێ دەنگن بە تایبەتی ئۆفیسی سلێمانی، بەراستی ئەوانە هەموو بەرپرسن لەگەڵ چەندین هۆکاری تر لەو هەموو گەندەڵی و فەسادیی ئیدارییەی کە هەمووی بێزار کردووە، بۆیە هیچ کات قبوڵ ناکەین ئەوانە خۆیان بە پارێزەی یاسا ناوزەد بکەن لە کاتێکدا تەرمی یاسا بەدەستی خۆیان دەنێژن و رۆڵەکانی ئەم گەلە لە هەموو پرۆسەیەك بێ هیوا دەکەن و هەموو جوانییەك ناشرین دەکەن.
هەربۆیە داوا لە سەرجەم لایەنە پەیوندیدارەکان و خەمخۆران دەکەین بە جدی لەم مەسەلەیە بپێچنەوەو هەوڵی تەواو بدەن بۆئەوەی جاریچکی تر ناوی پارێزگاکانی کوردستان نەچێتە لیستی رەشی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە، کە گومانی تێدا نییە ئەو جۆرە کارانەی کە باسمان کرد هۆکاری سەرەکین.